# بۆ دڵە پڕ لە عەشقەکەی دوعای 17 ساڵڵی تازە لاو ...!!



ئەو دیمەنە ناخ هەژێنەی کە بینیم لە کوشتنی دوعا دا( کە جگە لە چەند چرکەیەکی سەرەتای یەکێك لەو فیلمانە نەبێت لەوە زیاتر نەمتوانی تەماشای بکەم)، ئەو لاوەی کە تەمەنی تەنها 17 بەهاری پڕ لە نەهامەتی بوو، وە بۆەو شێوە تراژیدیایە کۆتای بە ژیانی هات. ئەم دیمەنە نەك بۆ چەند ساتێك بەڵکو بۆ چەند رۆژێك تەواوی هەست و وێژدانمی ئازار داو تەواوی بیر کردنەوەمی بۆ خۆی قۆرغ کرد، بەجۆرێك کە بەڕاستی بەدڵ گریام و نەمتوانی تەنانەت چەند ووشەیەك بۆ ئەم کارەساتە گەورەیە، بۆ ئەم کۆستە گەورەیە بنوسم.

من بۆ خۆم بەهیچ ناتوانم تەماشای کوشتنی مرۆڤ بکەم تەنانەت کە لە فیلمی شەڕشیدا کوشتنی مرۆڤی تێدا بێت رووی خۆم وەردەگێڕم و ناتوانم تەماشای بکەم و کەناڵەکە ئەگۆڕم، کاتێك کە جەلادێکی وەك سەدام حسێن لەسێدارەدرا، ئەو سەدامەی کە خێزانی ئێمەشی وەك بەشێکی زۆری خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردستان وعێراقی بەدەستیّ وە، توشی کوشتن و گرتن و زیندانی و ماڵوێخان ئاوارەیی و دەربەدەری هاتووین، سەرباری هەموو ئەمانەش من نەمتوانی تەماشای ئەو دیمەنە بکەم و بە لە سێدارەدانی هیچ خۆشحاڵ نەبووم و نەفرەتم لە ئەنجام دەرانی کرد.

چ جای بۆ تازە لاوێکی کچی تەمەن 17 ساڵان، کە تەنها و تەنها لەسەر خۆشیەویستی دڵە گەورە پڕ لە عیشقەکەی بە دڕندانەترین شێوە لە لێدانە بخەن، بەچیش بە بەردو بلۆك و پێلەقە، کە پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە، بەڵام سەرنجام کەس فریای ناکەوێت و وەك بەرخۆڵەیەکی ناسك و نازدار کە کۆمەڵێك گەلەگورگی کەڵبەی خۆێناوی دەوریان داوە، هیچ کەس بە هانایەوە ناچێت و لە نێو تاشەبەرد و لەتە بلۆکدا جەستەی چونچەو تازەبەهاری شەلاّڵی خۆین دەکەن و لە ناوەڕاستی شاردا لەشی ناسکی بێگیانی ساردەوە بووی بەجێدەهێڵن.

خەڵکینە.. ئەگەر لەهەر سوچ و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەدا شوێنێك هەبێت کە ژنان تێیدا قەسابی بکرێن و بە دڕندانەترین شێوە بکوژرێت، ئەگەر لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە جێگایەك هەبێت کە خۆشەویستی تێیدا قەدەغەیەو کچانی تازە لاوو ژنان تێیدا توشی لوت برین و ئەتك کردن ئەبن، ئەوا کوردستان و عێراق، وە بەتایبەتیش ناوچەی کوردستان بەشێکە لەو دنیایە، بەشێکە لەو جیهانەی کە ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیەی تێدا ئەنجام ئەدرێت و لەسەر مومارەسەر کردنی سەرەتاییترین مافەکانیان ، ژنان و مناڵان توشی مەحکوم بە مەرگ دەبن.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی کە لە شارۆچکەی بەعشیقەی سەربە پارێزگای موسڵ ڕووی داوە، کارەساتێك نییە هەروا بەسەرماندا تێپەڕێت و ئەنجامدەرانی بەبەرد کوشتنی دوعا دەبێت ببێتە شۆڕشێك، ببێتە چەخماخەی ڕاپەڕینێك لە دژی کوشتنی ژنان و لە خاچدانی منالآنی کچی تازە لاوو ژنان.
هەر کەس و لایەنێك کە دڵی بۆ ئازادی ژنان لێدەدات، هەر کەسێك کە لە دژی بەردباران کردن و کوشتنی ژنانە، هەر کەسێك کە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و خوشگوزەران خەبات دەکات، دەبێت لە ئاست ئەم تاوانە دڕندانەیەدا بیدەنگ نەبێت. کۆمەڵگای کوردستان و عێراق دەبێت لەو دڕندانە، لەو مرۆڤانەی کە بیرکردنەوەیان وەك جانەوەرەکانن ڕزگار بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەندین کەمپینی ناڕەزایەتی بەڕێوەیە، ئەرکی هەموو ئێمەیە کە لێی بێدەنگ نەبین ، چ وەك ڕێکخراو و کروپ و چ وەك تاکە کەسیش ئەرکمانە هەریەکە هەوڵی خۆی لەم نێوەدا بخاتە گڕ.

سڵاو لە دوعای ئازیز، سڵاو لە یادو لە خۆشەویستی پڕ لە عیشقت، ڕیسوای بۆ ئەوانەی دوعایان بە بەردو پێلەقە کوشت، ریسوای بۆئەو یاسایەی کە لەژێر سایەیدا دوعایان شەڵاڵی خوێن کرد، نەفرەت لەو یاسایەی کە لە سایەیدا ژنان بەردباران دەکرێن و لەسەر خۆشەویستی دەکوژرێن و سەرەتاییترین مافەکانی ژنان و منالآن ژێر پێدەنرێت.

**شێرزاد فاتح**
**بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن**
Tel: 0046 73 57 154 49
www.santarimnalan.com

تێبینی\وێنەکان لە سایتی کوردستان نێتەوە وەرگیراون.